# دور تقنيات الصوت في تعزيز جمالية الفيلم الكردي

**هێڤار عومەر سديق**

Hevar.filmmaker@gmail.com

**قسم السينما والمسرح، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان**

**أ.د. ئاريانا ئيبراهيم ئەحمەد**

aryana.mohmad@su.edu.krd

**قسم الإعلام، كلية الفنون، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان**

**الكلمات المفتاحية**: الدور، التقنية، التقنية الصوتية، الجماليات، الفيلم الكردي.

**كيفية اقتباس البحث**

سديق , هێڤار عومەر , ئەحمەد , ئاريانا ئيبراهيم , دور تقنيات الصوت في تعزيز جمالية الفيلم الكردي,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# The role of sound techniques in enhancing the level of beauty in Kurdish film

**Hevar Omar Sadiq**
**Hevar.filmmaker@gmail.com**
**Department of Cinema and Theatre, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region**

**P.D. Ariana Ibrahim Ahmed**
**aryana.mohmad@su.edu.krd**
**Department of Media, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region**

**Keywords** : Role, Technique, Sound Technique, Aesthetics, Kurdish Film.

**How To Cite This Article**
Sadiq , Hevar Oma , Ahmed , Ariana Ibrahim, The role of sound techniques in enhancing the level of beauty in Kurdish film ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract :

This research, titled "The Role of Sound Techniques in Enhancing the Aesthetic Level in Kurdish Film," attempts to provide a scientific reading of the role of sound techniques in elevating the aesthetic standards of Kurdish cinema. The study employs a content analysis method on a selected sample of Kurdish film, where "Sound Design" is analyzed from the perspective of "Sound Aesthetics." The objective is to highlight the technical concept of sound as a primary element in constructing artistic meaning and to demonstrate its role in enhancing the film's aesthetic level. To achieve this goal, the research follows a descriptive

methodology, taking the feature film "Kafan" (2024), directed by "Srusht Abbarash," as a sample. The analysis encompasses both the content and formal aspects of the sound techniques used. The research findings, obtained through quantitative and qualitative analysis, reveal that Kurdish cinema in its current stage has witnessed significant development in the use of advanced sound technology. This further illustrates the vital role of sound techniques in raising the aesthetic quality of Kurdish films.

ملخص :

تحاول هذه الدراسة الموسومة بـ (دور التقنيات الصوتية في تعزيز المستوى الجمالي في الفيلم الكردي) تقديم قراءة علمية لدور التقنيات الصوتية في رفع المستوى الجمالي (الإستيتيكا) في الفيلم الكردي. تستخدم الدراسة منهج تحليل المحتوى لعينة من الفيلم الكردي، حيث جرى فيها تحليل "تصميم الصوت (Sound Design) "من حيث "جماليات الصوت"، بهدف تسليط الضوء على مفهوم التقنية الصوتية كعنصر أساسي في خلق المعنى الفني وبيان دورها في تعزيز المستوى الجمالي للفيلم. ولتحقيق هذا الهدف، اتبعت الدراسة المنهج الوصفي واختارت الفيلم السينمائي (كفن – ٢٠٢٤) للمخرج (سروشت عەبەڕەش) كعينة للدراسة. شمل التحليل كلا الجانبين؛ المضمون والشكل للتقنيات الصوتية. أظهرت نتائج الدراسة التي تم التوصل إليها من خلال التحليل الكمي والنوعي، أن السينما الكردية في المرحلة الراهنة شهدت تطوراً ملحوظاً في استخدام التكنولوجيا الصوتية المتقدمة، وهذا يوضح دور التقنيات الصوتية في تعزيز المستوى الجمالي في الفيلم الكردي.

## ڕۆڵی تەکنیکە دەنگییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی جوانی لە فیلمی کوردیدا

**هێڤار عومەر سدیق**

Hevar.filmmaker@gmail.com

**بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان**

**پ.د. ئاریانا ئیبراهیم ئەحمەد**

aryana.mohmad@su.edu.krd

**بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان**

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی تەکنیکە دەنگییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی جوانی لە فیلمی کوردیدا) هەوڵدەدات خوێندنەوەیەکی زانستی بۆ ڕۆڵی تەکنیکە دەنگییەکان لە

بەرزکردنەوەی ئاستی جوانی (ئیستەتیک) لە فیلمی کوردیدا ئەنجام بدات. توێژینەوەکە میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکاردەهێنێت بۆ نموونەیەک لە فیلمی کوردیدا کە وەک سامپڵ بەکارهێنراوە تیایدا "دیزاینی دەنگ (Sound Design) "لە نێو فیلمی کوردیدا لە ڕووی "جوانیناسیی دەنگ" شیکراوەتەوە، بەو ئامانجەی تیشک بخاتە سەر چەمکی تەکنیکیی دەنگ وەک توخمێکی سەرەکی لە دروستکردنی مانای هونەری و خستنەڕووی ڕۆڵی فیلم لە بەرزکردنەوەی ئاستی جوانی فیلم. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە توێژینەوەکە پەیڕەوی لە میتۆدی وەسفی کردووە و فیلمی سینەمایی (کفن - ٢٠٢٤)ی دەرهێنەر (سروشت عەبەڕەش)ی وەک سامپڵ وەرگرتووە. شیکارییەکە هەردوو لایەنی ناوەڕۆک و و ڕواڵەتی تەکنیکە دەنگییەکانی گرتووەتەوە. دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە کە لە ڕێگەی شیکاریی چەندی و چۆنیەتی بەدەست هاتوون، دەریدەخەن کە سینەمای کوردی لە قۆناغی ئێستادا گەشەسەندنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای دەنگیی پێشکەوتوو ئەمەش ڕۆڵی تەکنیکە دەنگییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی جوانی لە فیلمی کوردیدا دەخاتەڕوو.

**کلیلە وشەکان :** ڕۆڵ، تەکنیک، تەکنیکی دەنگ، جوانیناسی، فیلمی کوردی.

## پێشەکی

"تەکنیکە دەنگییەکان" یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکان چونکە چۆنیەتیی بەکارهێنان و دیزاینی دەنگ ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دروستکردنی کەشی درامی و گەیاندنی پەیامی فیلم هەیە. سینەمای کوردی وەک سینەمایەکی تازەپێگەیشتوو لە ساڵانی دواییدا هەوڵیداوە گرنگییەکی تایبەت بە لایەنی تەکنیکی دەنگ لە بدات و لە قۆناغی تۆمارکردنی فیلم بە شێوە سادەکەی بەرەو قۆناغی دیزاینی دەنگی پێشکەوتوو هەنگاو بنێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر ڕۆڵی تەکنیکە دەنگییەکان (دیالۆگ، موزیک، کارتێکەرە دەنگییەکان) لە بەرزکردنەوەی ئاستی جوانی و هونەری لە فیلمی کوردیدا ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی لە پێنج بەش پێکدێت ,بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە و بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە و بەشی سێیەم: ئاستی جوانی لە فیلمی کوردیدا و بەشی چوارەم: لایەنی مەیدانی (پراکتیکی) توێژینەوە و بەشی پێنجەم: ئەنجام و ڕاسپاردەکان.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

١ **.کێشەی توێژینەوە:** هەر توێژینەوەیەک لەسەر بنەمای هەستکردن بە کێشەیەک یان پرسیارێکی زانستی دادەمەزرێت. کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لەو تێبینییەوە سەرچاوەی گرتووە کە سەرەڕای گرنگیی پێشکەوتنە تەکنیکییەکان لە بواری سینەمادا، هێشتا ڕۆڵی "دەنگ" وەک توخمێکی سەرەکیی ئیستاتیکی لە فیلمی کوردیدا بە شێوەیەکی ئەکادیمی و ورد لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە. زۆرجار وادەردەکەوێت کە دەنگ تەنها پاشکۆیەکی وێنەیە، لەکاتێکدا بەکارهێنانی ناتەواو یان خراپی تەکنیکی دەنگ دەتوانێت کاریگەریی نەرێنی لەسەر کوالێتیی فیلم و پەیوەندی لەگەڵ بینەر هەبێت بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی ڕۆڵی سەرەکی تەکنیکە دەنگییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی جوانی لە فیلمی کوردیدا. لێرەوە پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە سەرهەڵدەدات: ئایا تەکنیکەکانی دەنگ چ

ڕۆڵێک دەگێڕن لە بەرزکردنەوەی ئاستی جوانیناسی لە فیلمی کوردیدا؟ وە چۆن دەتوانن بەشداری بکەن لە دروستکردنی مانای هونەری و تەواوکردنی وێنە؟

٢ .گرنگیی توێژینەوە: گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەنەوە دەردەکەوێت، لە ڕووی تیۆرییەوە، هەوڵدەدات کەلێنێکی مەعریفی لە کتێبخانەی کوردیدا پڕبکاتەوە سەبارەت بە لایەنی تەکنیکی و جوانیناسیی دەنگ لە فیلمدا، هەروەها ناساندنی چەمک و زاراوە زانستییەکانی بواری دەنگ بە خوێندکاران و توێژەران. لە ڕووی پراکتیکیشەوە توێژینەوەکە گرنگە بۆ فیلمسازان و دەرهێنەرانی کورد تا ئاگاداری گرنگیی "دیزاینی دەنگ" بن و وەک ڕەگەزێکی هونەریی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ بکەن نەک تەنها وەک پڕکردنەوەی بێدەنگیی وێنەکان. ئەمەش هاندەر دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتیی بەرهەمە سینەماییە کوردییەکان.

٣ .ئامانجی توێژینەوە: بەپێی ئامانجی سەرەکی توێژینەوە کە خستنەڕووی ڕۆڵی تەکنیکە دەنگییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی جوانی فیلم ئەم ئامانجانەی خوارەوە لە ڕووی تیۆری و لەڕووی پراکتیکی دەستنیشان دەکەین:

١- ناساندنی ڕۆڵی جوانیناسیی توخمە دەنگییەکان لە بنیاتنانی پێکهاتەی فیلمی کوردیدا.
٢- شیکردنەوەی شێوازی بەکارهێنانی تەکنیکە دەنگییەکان لە فیلمی (کفن 2024)دا بۆ دروستکردنی کەشی درامی.
٣- هەڵسەنگاندنی ئاستی هاوسەنگی نێوان دەنگ و وێنە وەک یەکەیەکی ئیستاتیکی یەکگرتوو.
٤- ڕوونکردنەوەی ئەرکە جیاوازەکانی توخمەکانی دەنگ (دیالۆگ، موزیک، کارتێکەری دەنگی، کەش) لە گێڕانەوەی درامی فیلمدا.

٥- هەڵسەنگاندنی ئاستی تەکنیکی و ئیستەتیکی دەنگ لە فیلمە کوردییە نوێیەکاندا.

٦- دیاریکردنی شێوازی بەکارهێنانی تەکنیکە دەنگییەکان لە فیلمە کوردییەکان بۆ دروستکردنی مانای هونەری.

٤ .پرسیارەکانی توێژینەوە:

١- پەیوەندیی نێوان تەکنیکە دەنگییەکان و جوانیناسی لە سینەمادا چییە؟

٢- تەکنیکە دەنگییەکان چۆن لە فیلمی (کفن)دا بەکارهێنراون بۆ بنیاتنان و دروستکردنی کەشی درامی؟
٣- ئایا دەنگ لە فیلمی کوردیدا گەیشتووەتە ئاستێک کە هاوشانی وێنە مانا دروست بکات؟
٤- ئەرکە سەرەکییەکانی توخمە دەنگییەکان (دیالۆگ، موزیک، کارتێکەری دەنگی، کەش) لە بنیاتنانی پێکهاتەی درامیی فیلمدا چین؟

٥- ئایا لە فیلمە کوردییەکاندا تەکنیکە دەنگییەکان تا چەند بەشدارییان کردووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئیستەتیکی؟

٦- ئاستی تەکنیکی و تەکنەلۆژیای بەکارهاتوو لە تۆمارکردن و دیزاینی دەنگی فیلمە کوردییەکان لە چ ئاستێکدایە؟

## ٥ .چەمک و زاراوەکانی توێژینەوە:

١- **رۆڵ:** بە واتای ئەرکێک دێت لە بوارێکدا یان ئیش کە چی دەکات لە بواری دەنگدا.

٢- **تەکنیک:** جۆرێکە لە چالاکی مرۆیی،تواناییەک بۆ جێبەجێکردنی کارێک کە مرۆڤ بە مەبەستی رێکخستنی پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەریدا و بۆ دەستەبەرکردنی پێویستییەکانی لە زۆر رووەوە کاری لەسەر کردووە.

٣- **دەنگ:** بریتیە لە هەرشتێک کە دەبیسترێت و بە گوێ هەستی پێدەکرێت.

٤-**تەکنیکی دەنگ:** تەکنیکە دەنگییەکان ئەو کەرەستانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ پشتیان پێدەبەستێت بۆ دروستکردنی تۆمارکردنی دەنگ لە کارێکدا بە نموونە مایکرۆفۆن میکسەر هێدفۆن وە پرۆگرامێک بۆ دیزاینکردنەوەی دەنگەکان و تەنانەت لایەنی ئیستاتیکی بەشێکە لەو تەکنیکە وە رۆڵی هەیە لە دروستکردنەوەی کەشدا و توانای ناساندن و پێناسەکردنی هەیە.

٥- **جوانناسی:** بینین و دۆزینەوەی جوانییە کە هەستەوەرەکانی مرۆڤ درکی پێئەکەن و چێژ ئەبەخشێت بە مرۆڤ و وائەکات مرۆڤ لێکدانەوە هەڵسەنگاندن بکات بۆ هەرشتێک لەدەوروبەری ئەگوزەرێ تا زیاتر پەی بە جوانی ببات.

**٦ .سنووری توێژینەوە:**

- **سنووری بابەتی :**رۆڵی تەکنیکە دەنگییەکان لەسەر جوانیناسی لە فیلمی کوردیدا.
- **سنووری شوێنی :**کوردستانی باشوور (هەرێمی کوردستان).
- **سنووری کاتی :** (٢٠٢٤).

---

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە

## تەکنیکە دەنگییەکان (چەمک و سەرهەڵدان، ئەرک و گرنگی)

### باسی یەکەم: چەمکی تەکنیکی دەنگ و سەرهەڵدانی لە سینەمادا

**تەوەری یەکەم: چەمکی تەکنیکی دەنگی:** لە رووی فیزیکییەوە دەنگ بریتییە لە تێکدانی ماددە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی وزە و لە شێوەی شەپۆلی میکانیکی لە رێگەی ناوەندێکەوە وەک هەوا، ئاو، یان تەنە رەقەکان دەگوازرێتەوە. ئەم شەپۆلانە کاتێک دەگەنە گوێی مرۆڤ، دەبنە هۆی لەرینەوەی پەردەی گوێ و گواستنەوەی سیگناڵەکان بۆ مێشک کە لەوێدا وەک "دەنگ" لێک دەدرێنەوە (سەلیم، ٢٠٢١، ١٣-١٤). بەڵام کاتێک باس لە تەکنیکی دەنگ لە

سینەمادا دەکەین چەمکەکە فراوانتر دەبێت و لە چوارچێوەیەکی فیزیکی دەردەچێت بۆ چوارچێوەیەکی هونەری و تەکنیکی. تەکنیکی دەنگ لە سینەمادا بریتییە لە پرۆسەیەکی هونەریی سیستماتیک کە هەموو قۆناغەکانی (دروستکردن، تۆمارکردن، دەستکاریکردن، تێکەڵکردن، و بەرهەمهێنانەوە)ی توخمە دەنگییەکان دەگرێتەوە. ئەم توخمانە بریتین لە: دیالۆگ، موزیک، کارتێکەرە دەنگییەکان(SFX) ، و دەنگی کە (Ambience), ئامانجی سەرەکیی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکانە بریتییە لە پشتگیریکردنی گێڕانەوەی چیرۆک و دروستکردنی کەشی درامی و گەیاندنی هەست و سۆز بە بینەر (SFX Engine, 2023). هەروەها دەنگ لە سینەمادا تەنها پاشکۆیەکی وێنە نییە بەڵکو زمانێکی سەربەخۆیە کە توانای هەیە مانا و پەیام بگەیەنێت تەنانەت بەبێ بوونی وێنەش بۆ نموونە، بەکارهێنانی دەنگە نزمەکان (Bass) دەتوانێت ترس دروست بکات، لەکاتێکدا دەنگە بەرز و تیژەکان دەتوانن گرژی و دڵەڕاوکێ دروست بکەن.(Huber and Runstein, 2018, 33)

**تەوەری دووەم: سەرهەڵدانی تەکنیکە دەنگییەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا:** سەرەتای هونەری سینەما بە بێدەنگی دەستی پێکرد. لە نێوان ساڵانی (١٨٩٥) بۆ (١٩٢٧)، فیلمەکان بەبێ دەنگی تۆمارکراو نمایش دەکران هەرچەندە زۆرجار مۆسیقای زیندوو وەک پیانۆ یان ئۆرکێسترا لە هۆڵەکاندا یاوەریی نمایشەکەی دەکرد بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەنگ بەڵام ساڵی (١٩٢٧) وەرچەرخانێکی مێژوویی لە سینەمادا ڕوویدا کاتێک کۆمپانیای وارنەر برۆز فیلمی (The Jazz Singer)ی بەرهەم هێنا کە یەکەم فیلمی درێژی سینەمایی بوو دەنگی تێدا بەکارهات. (Bordwell & Thompson, 2010: 196) ئەم ڕووداوە کۆتایی بە سەردەمی سینەمای بێدەنگ هێنا و شۆڕشێکی گەورەی لە پیشەسازیی فیلمدا بەرپا کرد کە وایکرد سینەما لە هونەرێکی تەنها بینراوەوە (Visual) بگۆڕێت بۆ هونەرێکی بیستراو-بینراو (Audio-Visual). لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا شێوازەکانی تۆمارکردن و پەخشکردنی دەنگ گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا هات سەرەتا سیستەمی دەنگ مۆنۆ (Mono) بوو، واتە دەنگ تەنها لە یەک کەناڵەوە دەبیسترا دواتر لە ساڵانی حەفتاکاندا سیستەمی ستێریۆ (Stereo)داهێنرا کە دەنگی دابەش دەکرد بۆ لای ڕاست و چەپ و دواتر لە ساڵانی نەوەدەکاندا، سیستەمی دەنگی دۆلبی (Dolby Digital) و دەنگی فرەڕەهەند (Surround Sound 5.1) هاتنە کایەوە کە وایکرد بینەر هەست بکات لە ناوەڕاستی ڕووداوەکاندایە (Viers, 2012: 15)ئەمڕۆ بەهۆی تەکنەلۆژیای(Dolby Atmos) دەنگەکان نەک تەنها لە چواردەور بەڵکو لە سەرەوەشەوە دەبیسترێن کە ئەمەش ئەزموونێکی دەنگیی سێ ڕەهەندی (3D Audio)بۆ بینەر دروست دەکات و کاریگەرییە سایکۆلۆژی و هەستییەکانی فیلم زۆر بەهێزتر دەکات.

## باسی دووەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی تەکنیکە دەنگییەکان

پرۆسەی دروستکردن و دیزاینی دەنگ لە سینەمادا تەنها کارێکی هونەری نییە، بەڵکو پشتی بە سێ کۆڵەکەی سەرەکی بەستووە کە بریتین لە: لایەنی تەکنیکی، لایەنی مرۆیی، و لایەنی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

دارایی. هەر یەکێک لەم ڕەگەزانە ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینن لە دیاریکردنی کوالێتیی کۆتایی دەنگی فیلم.

**تەوەری یەکەم: ڕەگەزی تەکنیک و تەکنەلۆژیا**: ڕەگەزی تەکنیکی بریتییە لە هەموو ئەو ئامێر و کەرەستە ئەلیکترۆنییانەی کە بۆ تۆمارکردن و دەستکاریکردنی دەنگ بەکاردێن. یەکەم و گرنگترین ئامێر لەم پرۆسەیەدا مایکرۆفۆنە. مایکرۆفۆن (Microphone) ئامێرێکە وزە (شەپۆل)ی دەنگی دەگۆڕێت بۆ وزەی کارەبایی تا بتوانرێت تۆمار بکرێت. هەڵبژاردنی جۆری مایکرۆفۆن زۆر گرنگە بۆ نموونە مایکرۆفۆنی (Shotgun) بۆ وەرگرتنی دەنگ لە دوورەوە و بە ئاراستەیەکی دیاریکراو بەکاردێت لەکاتێکدا مایکرۆفۆنی (Lavalier) بچووکە و لەسەر سنگی ئەکتەر دەبەسترێت بۆ تۆمارکردنی دیالۆگ بە ڕوونی (Yewdall, 2011, 147جگە لەوە، ڕیکۆردەر (Recorder) ئامێرێکی ترە کە ئەرکی تۆمارکردن و بەدیجیتاڵکردنی دەنگەکانە و کوالێتیی ڕیکۆردەر و توانای تۆمارکردنی بە ڕێژەی-24) bit/48kHz)کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پاکی و وردیی دەنگ هەیە (سەلیم، ٢٠٢١، ٤٩). هەروەها کەرەستە یاریدەدەرەکانی وەک بووم پۆڵ (Boom Pole) و هێدفۆن (Headohone)بەشێکن لەم سیستەمە تەکنیکییە کە یارمەتیی دەنگهەڵگر دەدەن دەنگەکە بە باشترین شێوە کۆنترۆڵ بکات.(Viers, 2012,79)

**تەوەری دووەم: ڕەگەزی مرۆیی (ستافی دەنگ)** :تەکنەلۆژیا بەبێ بوونی پسپۆڕانی شارەزا هیچ بەهایەکی نییە لە سینەمادا، تیمی دەنگ دابەش دەبن بەسەر دوو قۆناغی سەرەکیدا:

١- **تیمی کاتی بەرهەمهێنان :(Production Sound)** لەم قۆناغەدا "دەنگهەڵگر (Sound " Recordist) بەرپرسی یەکەمە لە تۆمارکردنی دەنگی پاک و ڕوون لە لۆکەیشن. هاوکات بووم ئۆپەرەیتەر (Boom Operator) ئەو کەسەیە کە مایکرۆفۆنەکە هەڵدەگرێت و دەبێت زۆر بە وردی جوڵەی پێ بکات تا نزیکترین بێت لە دەمی ئەکتەر بەبێ ئەوەی بچێتە ناو چوارچێوەی کامێراوە.(Viers, 2012, 15)

٢. **تیمی پاش بەرهەمهێنان :(Post-Production)** ئەمە قۆناغی داهێنانە. لێرەدا دیزاینەری دەنگ (Sound Designer) ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دروستکردنی کەشی دەنگیی فیلمەکە ئەو بڕیار دەدات چ دەنگێک لە کوێ بەکاربێت هەروەها هونەرمەندی فۆلی (Foley Artist) ئەو کەسەیە کە لە ستۆدیۆدا دەنگە وردەکان (وەک دەنگی پێ، خشپەی جل) بە شێوەی زیندوو دروست دەکاتەوە تا واقیعیتر بن (Bordwell & Thompson, 2019, 265).

**تەوەری سێیەم: ڕەگەزی دارایی**: لایەنی دارایی بڕبڕەی پشتی پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەنگە کوالێتیی دەنگ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بودجەی تەرخانکراوەوە هەیە و بەشێکی باشی بودجەی فیلم دەبێت بۆ بەشی دەنگ تەرخان بکرێت کە دابەش دەبێت بەسەر کرین یان بەکرێگرتنی ئامێری پێشکەوتوو و کرێی ستافی پرۆفیشناڵ و کرێی ستۆدیۆکانی دیزاین و میکسینگ. زۆرجار کەمکردنەوەی تێچوو لە بەشی دەنگدا دەبێتە هۆی دابەزینی کوالێتیی

تەواوی فیلمەکە (حەسەن، ٢٠١٣، ٨٠). بەپێی توێژینەوەکان نزیکەی (٨-١٢٪)ی بودجەی بەرهەمهێنان و (٢٥-٣٠٪)ی بودجەی پۆست-پرۆدەکشن دەبێت تەنها بۆ بەشی دەنگ تەرخان بکرێت(Ivanov, 2024) ، چونکە دەنگێکی باش دەتوانێت ئەزموونی بینەر بەتەواوی بگۆڕێت و فیلمەکە لە ئاستێکی ئاساییەوە بۆ ئاستێکی جیهانی بەرز بکاتەوە.

## باسی سێیەم: ئەرکی تەکنیکە دەنگییەکان لە فیلمدا

دەنگ لە فیلمدا تەنها بۆ پڕکردنەوەی بێدەنگی نییە، بەڵکو چەندین ئەرکی گرنگ جێبەجێ دەکات کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر گێڕانەوە و هەستی بینەر هەیە. ئەم ئەرکانە دەکرێت لە سێ تەوەری سەرەکیدا کۆبکرێنەوە:

**تەوەری یەکەم: ئەرکی گەیاندن (زمان، دەربڕین، تەکنیک):** یەکەم و سەرەتاییترین ئەرکی دەنگ لە فیلمدا گەیاندنە. دەنگ وەک زمانێک کاردەکات بۆ ئەوەی بە ڕوونی بە بینەر بڵێت چی ڕوودەدات و ئێمە لە کوێین (Pruett, 2023). ئەم ئەرکە لە ڕێگەی سێ لایەنەوە جێبەجێ دەبێت:

١. **زمان :**دیالۆگ (Dialogue) ڕوونترین شێوازی گەیاندنی زانیارییە و وشەکان چیرۆکەکە ئاراستە دەکەن و پەیوەندیی نێوان کارەکتەرەکان ئاشکرا دەکەن.

٢. **دەربڕین :**شێوازی وتن و تۆنی دەنگ زانیاریی شاراوە دەدەن بە بینەر (Wersényi, 2008).بۆ نموونە، تۆنێکی دەنگی لەرزۆک دەتوانێت ترس یان دڵەڕاوکێ بگەیەنێت بێ ئەوەی وشەکان خۆیان باسی ترس بکەن.

٣ .**تەکنیک :**بەکارهێنانی تەکنیکی وەک ڕوانگەی دەنگی(Sound Perspective) کە تێیدا دەنگی نزیک بە بەرزی و دەنگی دوور بە نزمی دەبیسترێت، ئەمەش یارمەتیی بینەر دەدات تا درک بە دووری و نزیکیی شوێنەکان بکات.(Hess, 2019)

**تەوەری دووەم: ئەرکی کاریگەری (هەست، سۆز، فیکر):** دەنگ توانایەکی سەیری هەیە لە جوڵاندنی هەست و سۆزی بینەر زۆرجار بە شێوەیەکی نائاگایی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

- **موزیک :**بەهێزترین ئامرازە بۆ دروستکردنی کەشوهەوا (Mood) موزیکێکی خێرا دەتوانێت دیمەنێکی ئاسایی پڕ بکات لە وزە و هیوا لەکاتێکدا موزیکێکی هێواش و غەمگین دەتوانێت هەستی دڵتەنگی و شکست بەسەر هەمان دیمەندا بسەپێنێت.(Sonnenschein, 2001)
- **کارتێکەرە دەنگییەکان :(SFX)** دەنگی وەک لێدانی دڵ لە دیمەنێکی ترسناکدا یان دەنگی تەقینەوە ڕاستەوخۆ کار لەسەر جەستە و دەروونی بینەر دەکەن و دەیخەنە نێو دۆخی دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانییەوە.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

**تەوەری سێیەم: ئەرکی جوانی (میتافۆر، ئاماژە، هێماسازی)**:لە بەرزترین ئاستیدا دەنگ دەبێتە ئامرازێکی هونەری و جوانیناسی لێرەدا دەنگەکان تەنها وەک خۆیان نین، بەڵکو هەڵگری مانای قووڵترن:

**میتافۆر :(Metaphor)** کاتێک دەنگێک مانایەک وەردەگرێت کە لە خودی دەنگەکە گەورەترە. بۆ نموونە، لە فیلمی(Apocalypse Now) ، دەنگی پەروانەی هێلیکۆپتەر تێکەڵ دەبێت بە دەنگی پانکەی ژوورێک، ئەمە دەبێتە میتافۆرێک بۆ ئەوەی کە جەنگ هێشتا لە مێشکی کارەکتەرەکەدا دەخولێتەوە.(Lee, 2025)

**هێماسازی :**هەندێک دەنگ دەبنە هێما بۆ چەمکێکی دیاریکراو. بۆ نموونە، دەنگی دڵۆپەکردنی ئاو لە فیلمەکانی (تارکۆڤسکی)دا تەنها دەنگی ئاو نییە، بەڵکو هێمایە بۆ کات و یادەوەری. ئەم جۆرە بەکارهێنانە وادەکات دەنگ لە ئاستی گوێبیستنەوە بەرز بێتەوە بۆ ئاستی بیرکردنەوە و تێڕامان.

**باسی چوارەم: گرنگیی تەکنیکە دەنگییەکان لە بەرهەمهێنانی فیلمدا:** گرنگیی دەنگ لە یەک قۆناغدا کۆتایی نایەت، بەڵکو وەک زنجیرەیەک بە درێژایی پرۆسەی دروستکردنی فیلمەکە بەردەوامە. لە سەرەتای نووسینەوە تا کاتی نمایشکردن، دەنگ ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت.

**تەوەری یەکەم: گرنگی لە کاتی نووسینەوەی سیناریۆ:** دەنگ لە قۆناغی مۆنتاژدا لەدایک نابێت بەڵکو لە ڕاستیدا لەسەر لاپەڕەکانی سیناریۆ دەست پێ دەکات و سیناریۆنووسی زیرەک دەزانێت کە دەبێت دوو جیهان دروست بکات ئەویش جیهانێک کە دەبینرێت و جیهانێک کە دەبیسترێت. پشتگوێخستنی دەنگ لەم قۆناغەدا وادەکات فیلمەکە نیوەی ڕۆحی خۆی لەدەست بدات (کیانی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن). نووسەر دەتوانێت لە ڕێگەی دەقەوە ئاماژە بە دەنگ بکات وەک نووسینی دەنگی کاتژمێرێک کە تیک تیک دەکات بۆ دروستکردنی هەستی چاوەڕوانی یان دڵەڕاوکێ .(Chion, 1999, 92) هەروەها دیالۆگ تەنها ئاڵوگۆری زانیاری نییە، بەڵکو دەتوانێت فەزای دەروونیی کارەکتەر ئاشکرا بکات. تەنانەت نووسەر دەتوانێت بێدەنگی لە سیناریۆکەدا بنووسێتەوە چونکە هەندێک جار بێدەنگی مانادارترە لە هەر وشەیەک (مارتن، ١٩٩٣، ١٢٨).

**تەوەری دووەم: گرنگی لە کاتی دەرهێنانی فیلمدا:** لە قۆناغی وێنەگرتن(Production) دا گرنگیدان بە تۆمارکردنی دەنگی پاک ئەرکێکی سەرەکیی دەرهێنەرە دەنگێکی باش کە لە لۆکەیشن تۆمار کرابێت پارێزگاری لە ڕۆحی نواندنی ئەکتەر دەکات و پێویستی بە دووبارە تۆمارکردنەوە (ADR) کەم دەکاتەوە کە پرۆسەیەکی گرانبەها و کاتبەرە (حەسەن زادە، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن). دەرهێنەر لەم قۆناغەدا وەک وەرگێڕی سیناریۆکە کار دەکات ئەو دەزانێت کە دەنگی ژینگەیی(Room Tone) مەبەست لێی دەنگی ئەو شوێنەی کە دیمەنیەکەی تیدا وێنەگیراوە چەندە گرنگە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لە مۆنتاژدا هەروەها لە کاتی دەرهێناندا بڕیار دەدرێت کە ئایا دەنگەکان واقیعی بن (Diegetic) یان ناواقیعی و خەیاڵی بن ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر شێوازی گێڕانەوەی فیلمەکە هەیە (Chion, 1994: 5).

**تەوەری سێیەم: گرنگی لە کاتی مۆنتاژی فیلمدا:** مۆنتاژ تەنها بڕینی وێنەکان نییە بەڵکو هونەری ڕێکخستنی کات و ڕیتمە لە ڕێگەی دەنگەوە دەنگ دەتوانێت وێنەکان بەیەکەوە گرێ

بدات و هەستێکی بەردەوامی (Continuity) دروست بکات. بەکارهێنانی تەکنیکی (Sound Bridge)واتە بیستنی دەنگی دیمەنی داهاتوو پێش ئەوەی وێنەکەی ببینرێت، یارمەتیدەرە بۆ گواستنەوەیەکی نەرم لە نێوان دیمەنەکاندا. (Bordwell & Thompson, 2019, 266) لە مۆنتاژدا دەنگ دەتوانێت کات دەستکاری بکات بۆ نموونە بەکارهێنانی دەنگدانەوە (Reverb) بینەر دەباتە نێو یادەوەریی ڕابردوو یان بەکارهێنانی ڕیتمێکی خێرا لە کارتێکەرە دەنگییەکاندا (SFX)گرژیی دیمەنەکە زیاد دەکات. **تەوەری چوارەم: گرنگی لە کاتی نمایشی فیلمدا بۆ وەرگر (بینەر):** قۆناغی نمایش ساتی کۆتایی و بەرهەمداریی هەموو کارەکانە لێرەدا دەنگ لە فایلێکی دیجیتاڵییەوە دەگۆڕێت بۆ ئەزموونێکی زیندووی هەستەکی سیستەمە دەنگییە پێشکەوتووەکانی وەک (Surround Sound) لە هۆڵەکانی سینەمادا وادەکەن بینەر تەنها تەماشاکەر نەبێت، بەڵکو لە ناوەڕاستی ڕووداوەکاندا بژی ودەنگە نزمەکان (Bass) دەتوانن جەستەی بینەر بهەژێنن و ترس دروست بکەن لەکاتێکدا دەنگی ژینگە (Ambience) وا دەکات بینەر بڕوا بەو جیهانە بکات کە لەسەر شاشەکە دەیبینێت (Holman, 2010, 165). لەم ساتەدا دەنگ دەبێتە پردێک کە هەستی بینەر بە قووڵی دەبەستێتەوە بە چیرۆکی فیلمەکەوە.

## بەشی سێیەم: ئاستی جوانی لە فیلمی کوردیدا

## باسی یەکەم: دەرکەوتنی فیلم و سەرهەڵدانی

**تەوەری یەکەم: سەرەتای دەرکەوتنی فیلمی سینەمایی و پەرەسەندنی:** سینەما وەک هونەرێکی نوێ لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەرکەوت یەکەم فیلم لە ساڵی ١٨٩٥ لەلایەن برایانی لومێر لە پاریس نمایش کرا کە بریتی بوو لە دیمەنی کرێکاران کە لە کارخانە دەچنە دەرەوە (The Editors of Encyclopaedia Britannica, 2024). ئەم داهێنانە سەرەتا وەک ئامێرێکی تۆمارکردنی واقیعی ڕۆژانە سەیر دەکرا بەڵام زوو گەشەی کرد و بوو بە ئامرازێک بۆ گێڕانەوەی چیرۆک و لەگەڵ هاتنی دەنگ لە ساڵی ١٩٢٧ سینەما چووە قۆناغێکی نوێوە و توانای گێڕانەوەی فراوانتر بوو و دواتر لە ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠کاندا بە دەرکەوتنی بزافی هۆلیوودی نوێ(New Hollywood) ، گۆڕانکارییەکی گەورە لە شێوازی بەرهەمهێنان و بابەتەکاندا ڕوویدا، کە بووە هۆی ئەوەی سینەما ببێتە هونەرێکی جیهانیی کاریگەر.(Bordwell et al., 1985, 330)

**تەوەری دووەم: سەرهەڵدانی فیلم لە هەرێمی کوردستان و قۆناغەکانی:** سینەمای کوردی لە باشووری کوردستان مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی هەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دۆخی سیاسیی ناوچەکەوە. دەکرێت مێژووی سینەمای کوردی دابەشی سێ قۆناغی سەرەکی بکەین:

١. **قۆناغی یەکەم (پێش ١٩٩١) :**لەم قۆناغەدا بەهۆی بارودۆخی سیاسی و زۆرداریی ڕژێمەکانەوە، بەرهەمهێنانی فیلمی کوردی زۆر سنووردار بوو. دیارترین نموونە فیلمی) ڕێ (Yol -ی یەڵماز گونەی بوو لە ساڵی ١٩٨٢، کە بووە دەنگی ئازاری گەلی کورد لە جیهاندا و خەڵاتی چڵە خورمای زێرینی بەدەست هێنا(Ginsberg & Lippard, 2020, 256)

٢. **قۆناغی دووەم (١٩٩١-٢٠٠٣) :**دوای ڕاپەڕین و دروستبوونی هەرێمی کوردستان، دەرفەتێک بۆ سینەماکاران ڕەخسا. فیلمی (نێرگز بووکی کوردستان - ١٩٩١) بە یەکەم فیلمی

درێژی کوردی دادەنرێت لەم قۆناغەدا. ئەم قۆناغە سەرەتایەک بوو بۆ دروستبوونی ناسنامەیەکی سینەمایی (محەمەد، ٢٠٢٤، ٩١).

٣. **قۆناغی سێیەم (دوای ٢٠٠٣):** بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس، دەرگا بە ڕووی سینەمای کوردیدا کرایەوە. نەوەیەکی نوێی دەرهێنەر وەک (بەهمەن قوبادی، هونەر سەلیم، شەوکەت ئەمین کورکی) دەرکەوتن کە توانییان فیلمی کوردی بگەیەننە فێستیڤاڵە جیهانییەکان. دامەزراندنی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی دهۆک و کردنەوەی هۆڵەکانی سینەما، هەنگاوێکی گرنگ بوون بەرەو بە پیشەسازیبوونی سینەمای کوردی (Duhok International Film Festival, 2023).

## باسی دووەم: چەمکی جوانیناسی لە فیلمدا

**تەوەری یەکەم: چەمک و پێناسەی جوانیناسی:** جوانیناسی (Aesthetics) لقێکی فەلسەفەیە کە لێکۆڵینەوە لە سروشتی جوانی و هونەر و چێژ دەکات. لە سینەمادا جوانیناسی تەنها بریتی نییە لە جوانیی وێنە بەڵکو بریتییە لەو شێواز و تەکنیکانەی کە دەرهێنەر بەکاریان دەهێنێت بۆ گەیاندنی پەیام و دروستکردنی کاریگەری لەسەر بینەر .(Celkyte, 2021) جوانیناسیی فیلم هەوڵ دەدات وەڵامی ئەوە بداتەوە کە چۆن توخمە جیاوازەکان (وێنە، دەنگ، ڕووناکی) پێکەوە کار دەکەن بۆ دروستکردنی ئەزموونێکی هونەریی یەکگرتوو.

**تەوەری دووەم: ڕەگەزەکانی جوانیناسی لە فیلمدا:** جوانیی فیلم لەسەر چەند ڕەگەزێکی سەرەکی دەوەستێت:

١. **ڕووناکی (Lighting):** یەکێکە لە گرنگترین توخمەکان بۆ دروستکردنی کەش .(Mood) ڕووناکی کەم و سێبەری زۆر دەتوانێت ترس و نهێنی دروست بکات، لەکاتێکدا ڕووناکی زۆر هەستی دڵخۆشی دەبەخشێت.(Gibbs, 2002, 55)

٢. **وێنەگرتن (Cinematography):** گۆشەی کامێرا و جوڵەکەی کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر چۆنیەتیی بینینی کارەکتەرەکان هەیە. بۆ نموونە، گۆشەی نزم (Low Angle) کارەکتەر بە بەهێز پیشان دەدات.(Cook, 2016, 25)

٣. **مۆنتاژ (Editing):** هونەری بەیەکەوەبەستنی دیمەنەکانە. مۆنتاژ دەتوانێت ڕیتمی فیلم دیاری بکات و پەیوەندیی نێوان کات و شوێن دروست بکات.

**تەوەری سێیەم: ئەرکی جوانیناسی لە فیلمدا:** جوانیناسی لە فیلمدا تەنها بۆ ڕازاندنەوە نییە، بەڵکو چەندین ئەرکی هەیە:

**دروستکردنی جیهانی فیلم (World-Building):** جوانیناسی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بینەر بڕوا بەو جیهانە بکات کە لەسەر شاشە دەیبینێت (Bordwell & Thompson, 2017, 118).

**ئاڕاستەکردنی هەست و سۆز :**لە ڕێگەی ڕەنگ و دەنگ و موزیکەوە فیلمساز دەتوانێت هەستی بینەر کۆنترۆڵ بکات و بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراوی ببات (Hayward, 2017, 362).

**گەیاندنی مانا و تیما :**زۆرجار جوانیناسی بۆ گەیاندنی پەیامێکی سیمبۆلی یان فەلسەفی بەکاردێت. بۆ نموونە، بەکارهێنانی قووڵایی مەیدان (Deep Focus) لەناو کامێرا لە فیلمی (Citizen Kane)دا هێمایە بۆ دابڕانی نێوان کارەکتەرەکان.(Gibbs, 2002, 25)

## باسی سێیەم: ئەرکی جوانی لە تەکنیکدا

تەکنیکە دەنگییەکان کاتێک بە وردی بەکاردێن، دەبنە سەرچاوەی سەرەکیی جوانی و چێژبەخشین لە فیلمدا، هەر یەکێک لە توخمەکانی دەنگ ئەرکێکی ئیستاتیکیی تایبەت جێبەجێ دەکەن:

**تەوەری یەکەم: ئەرکی جوانی لە تەکنیکی (گفتوگۆ/دیالۆگ):** دیالۆگ تەنها ئاڵوگۆڕی وشە نییە بەڵکو توخمێکی هونەرییە بۆ پەرەپێدانی کەسایەتی و ئاشکراکردنی باری دەروونیی کارەکتەرەکان لە ڕێگەی تۆن و شێوازی قسەکردنەوە .(Chion, 1994, 95) هەروەها دیالۆگ ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردنی ڕیتمی دیمەنەکان وەک دیالۆگی خێرا گرژی دروست دەکات و دیالۆگی هێواش ئارامی دەبەخشێت .(Bordwell & Thompson, 2017, 277) گرنگترین ئەرکی دیالۆگ دروستکردنی "ژێرتێکست"ە(Subtext) ، واتە گەیاندنی مانایەک کە جیاوازە لەوەی دەوترێت.

**تەوەری دووەم: ئەرکی جوانی لە تەکنیکی (موزیک):** موزیک بەهێزترین ئامرازە بۆ دروستکردنی کەشوهەوا (Atmosphere) و گەیاندنی سۆز و تەنانەت پێش ئەوەی وێنەکە ئەو هەستە نیشان بدات .(Gorbman, 1987, 73) موزیک دەتوانێت کات و شوێنی ڕووداوەکان دیاری بکات و هەندێک جار بە شێوازی دژە-واتا (Counterpoint) بەکاردێت بۆ دروستکردنی دژوازییەکی هونەری لەگەڵ وێنەکەدا.(Cooke & Ford, 2016, 115)

**تەوەری سێیەم: ئەرکی جوانی لە تەکنیکی (کارتێکەرە دەنگییەکان):** کارتێکەرە دەنگییەکان (SFX)بەرپرسیارن لە دروستکردنی هەستی واقیعییەت (Realism) لە ڕێگەی دەنگی سروشتی وەک پێ و دەرگا .(Ament, 2014, 25) هەروەها بۆ دەربڕینی باری دەروونیی کارەکتەر بەکاردێن وەک بەکارهێنانی دەنگی لێدانی دڵ یان هەناسەبڕکێ بۆ گواستنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ بینەر.(Sonnenschein, 2001, 112)

**تەوەری چوارەم: ئەرکی جوانی لە تەکنیکی (بێدەنگی و دەنگی ژینگە):** دەنگی ژینگە (Ambience)ناسنامەی شوێن دیاری دەکات و وا دەکات فیلمەکە زیندوو دەربکەوێت .(Sergi, 2017, 110)لە بەرامبەردا، بێدەنگی (Silence) تەکنیکێکی کاریگەرە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەر و دروستکردنی ساتێکی پڕ لە چاوەڕوانی یان تێرامان وەک هێمایەک بۆ تەنیایی یان ترس.(Ardoin, 2014, 65)

## باسی چوارەم: گرنگیی جوانیی تەکنیکە دەنگییەکان لە بەرهەمهێنانی فیلمدا

گرنگیی تەکنیکە دەنگییەکان تەنها لە چوارچێوەی تەکنیکدا قەتیس نابێت، بەڵکو کاریگەرییان بەسەر چەندین لایەنی هونەری و کۆمەڵایەتیدا دابەش دەبێت:

**تەوەری یەکەم: گرنگیی هونەری**:دەنگ بەشێکی دانەبڕاوە لە هونەری سینەما. بەکارهێنانی دروستی تەکنیکە دەنگییەکان ئاستی هونەریی فیلم بەرز دەکاتەوە و شوناسێکی تایبەت بە فیلمەکە دەبەخشێت و دیزاینی دەنگ دەتوانێت شێوازی گێڕانەوەی فیلم بگۆڕێت و بیخاتە ئاستی ستانداردە جیهانییەکان.(Altman, 1992, 155)

**تەوەری دووەم: گرنگیی ڕۆشنبیری**: دەنگ بەتایبەت لە ڕێگەی مۆسیقای فۆلکلۆر و زاراوە ناوچەییەکان ڕۆڵی هەیە لە پاراستن و گواستنەوەی کولتوور. لە سینەمای کوردیدا بەکارهێنانی دەنگی ژینگەی کوردستان (وەک بازاڕ، سروشت، موزیکی ناوچەی) دەبێتە ئەرشیفێکی ڕۆشنبیری بۆ نەوەکانی داهاتوو (سەلیم، ٢٠٢١، ١٤).

**تەوەری سێیەم: گرنگیی کۆمەڵایەتی**: دەنگ دەتوانێت پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان بینەر و فیلمدا دروست بکات. کاتێک بینەر گوێی لە دەنگە ئاشناکانی ژینگەی خۆی دەبێت، هەستی هاوسۆزی و پەیوەستبوونی زیاتر دەبێت بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی ناو فیلمەکەوە (Chion, 1994, 75).

**تەوەری چوارەم: گرنگیی دەروونی**: دەنگ کاریگەرترین ئامرازە بۆ دەستکاریکردنی باری دەروونیی بینەر. بەکارهێنانی دەنگ بۆ دروستکردنی ترس، دڵخۆشی، یان خەم، ڕاستەوخۆ کار لەسەر ناخودئاگای بینەر دەکات و ئەزموونێکی هەستیی قووڵ دروست دەکات (Sonnenschein, 2001, 115).

**تەوەری پێنجەم: گرنگیی ئابووری**: فیلمێک کە خاوەنی کوالێتیی دەنگی بەرز بێت، چانسی زیاتری هەیە بۆ فرۆشتن و بەشداریکردن لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان. وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیای دەنگدا بەهای بازرگانیی فیلم بەرز دەکاتەوە و داهاتی زیاتر بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان دابین دەکات.(Ivanov, 2024)

## بەشی چوارەم: لایەنی مەیدانی (پراکتیکی) توێژینەوە

### تەوەری یەکەم: میتۆد و ڕێکارەکانی توێژینەوە

**٤-١ میتۆدی توێژینەوە**: بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی ڕۆڵی تەکنیکە دەنگییەکان لە فیلمی کوردیدا، توێژەر پەیڕەوی لە**میتۆدی (وەسفی - شیکاری)** کردووە. ئەم میتۆدە هەڵبژێردراوە چونکە گونجاوترینە بۆ وەسفکردنی دیاردە هونەرییەکان و شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان توخمە دەنگییەکان و کاریگەرییان لەسەر بینەر

**٤-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوە:** کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لەو فیلمانەی کە لە هەرێمی کوردستان (باشووری کوردستان) بەرهەم هێنراون، بەتایبەت لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٢١ بۆ ٢٠٢٥).

**٤-٣ سامپڵی توێژینەوە:** توێژەر بە شێوازی سامپڵی مەبەستدار فیلمی کوردیی ( کفن)ی دیاری کردووە وەک نموونەی توێژینەوەکە. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم فیلمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خاوەنی تایبەتمەندیی هونەری و تەکنیکیی بەرزە و نوێنەرایەتیی قۆناغی ئێستای سینەمای کوردی دەکات.

**٤-٤ کەرەستەکانی توێژینەوە:** بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان توێژەر پشتی بە فۆرمی شیکاریی ناوەڕۆک بەستووە. ئەم فۆرمە تایبەتە بە شیکردنەوەی توخمە دەنگییەکان (دیالۆگ، موزیک، کارتێکەرەکان، کەش) لە ڕووی (جۆر و ڕیتم و ئاست و کاریگەری)یەوە لەناو دیمەنی فیلمەکاندا. هەروەها پشت بە سەرچاوە زانستییەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵ پسپۆڕانی بواری دەنگ بەستراوە.

## تەوەری دووەم: شیکردنەوەی نموونەی توێژینەوە

**فیلمی کفن (٢٠٢٤)**

**پوختەی چیرۆک:** فیلمەکە باس لە ڕووداوێک دەکات کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە و کاریگەریی لەسەر ژیانی ئێستای خێزانێک هەیە، بابەتەکە پەیوەستە بە جادووی ڕەش و نهێنییەکان.

## تەوەری سێیەم: خستنەڕووی داتاکانی فیلمی (کفن)

**شیکاریی داتا و تەکنیکە دەنگییەکان:** بەپێی ئەو داتایانەی لە فۆرمی شیکاریی ناوەڕۆکدا بۆ فیلمی (کفن) کۆکراونەتەوە، دەرکەوتووە کە ئەم فیلمە جیاواز لە فیلمە دراميیە کۆمەڵایەتییەکان، هاوسەنگییەکی وردی لە نێوان گێڕانەوەی چیرۆک و دروستکردنی ترسدا دروست کردووە. لێرەدا دیالۆگ ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکان بەڵام کاریگەرییە دەنگییەکان (SFX) ڕۆڵی گەیاندنی هەستەکان دەبینن. خشتەی خوارەوە دابەشبوونی ئەم توخمانە دەخاتە ڕوو:

خشتەی (١): دابەشبوونی توخمە دەنگییەکان بەپێی "جۆر و شێواز" لە فیلمی (کفن)دا

| ژ | توخمەکان | جۆر / شێواز | ڕێژەی مەزندەکراو (%) | هۆکاری هەڵبژاردن (شیکاری) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | **گفتوگۆ** | واقیعی / دراماتیکی | ٪٣٥ | دیالۆگ لەم فیلمەدا پانتاییەکی باشی هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی ڕووداوەکە و پەیوەندی نێوان کارەکتەرەکان، بەڵام بە تۆنێکی جدی و ترسئامێز دیزاین کراوە. |
| ٢ | **کارتێکەری دەنگی (SFX)** | زیادەڕۆ-(Hyper-real) | ٪٣٠ | بەو پێیەی ژانری فیلمەکە ترسناکە، دەنگەکان (وەک کردنەوەی دەرگا، هەنگاو، شکانی شتەکان) بەرزتر لە ئاستی ئاسایی دیزاین کراون بۆ دروستکردنی شۆک (Jump Scare). |
| ٣ | **موزیک** | ئەلیکترۆنی / ئاڵۆز | ٪٢٠ | مۆسیقا لێرەدا میلۆدی نییە، بەڵکو زیاتر تەکنیکییە و لەگەڵ جووڵەکاندا بەرز و نزم دەکات بۆ دروستکردنی دڵەڕاوکێ. |
| ٤ | **ئامبیانس (کەش)** | بێدەنگی / پڕ لە نهێنی | ٪١٥ | بەکارهێنانی بێدەنگی وەک توخمێکی کارا پێش ڕوودانی کارەساتەکان، تا بینەر زیاتر تەرکیز بخاتە سەر دیالۆگ و وێنەکە. |
| | **کۆی گشتی** | | ٪١٠٠ | هاوسەنگی نێوان دیالۆگ و کاریگەرییەکان |

ئەم خشتەیە دەریدەخات کە لە فیلمی (کفن)دا دیالۆگ ڕێژەی (٪٣٥)ی پێکهاتەی دەنگیی فیلمەکە پێکدەهێنێت چونکە چیرۆکەکە پێویستی بە گێڕانەوە و لێکدانەوەی زارەکی هەیە لەلایەن کارەکتەرەکانەوە بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە بەرزبوونەوەی ڕێژەی کارتێکەرە دەنگییەکان (SFX) ە بۆ (٪٣٠) کە ئەمەش خەسڵەتی سەرەکیی ژانری ترسناکە لێرەدا دەنگ تەنها بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نییە بەڵکو (دیالۆگ) زانیاری دەدات و (کارتێکەرە دەنگییەکان) ترسەکە دروست دەکەن، موزیک و کەشیش ئەو بۆشاییە دراماتیکییە پڕ دەکەنەوە کە دەکەوێتە نێوان قسەکردن و ڕووداوەکانەوە.

**خشتەی (٢): دابەشبوونی دەنگ بەپێی "ئەرک و کاریگەری" لە فیلمی (کفن)دا ئەم خشتەیە دەریدەخات کە دەنگ و دیالۆگ بۆ چ مەبەستێک بەکارهێنراون**

| ژ | ئەرکەکان | مەبەستی بەکارهێنان | ڕێژەی مەزندەکراو (%) | شیکاری (لێکدانەوە) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | **گێرانەوەی ڕووداو (Narrative)** | دیالۆگ و ڕوونکردنەوە | ٪٤٠ | بەو پێیەی چیرۆکی فیلمەکە پەیوەستە بە ڕابردوو و جادوو، دیالۆگێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بینەر لە هۆکاری ڕووداوەکان تێبگات. |
| ٢ | **دروستکردنی دڵەڕاوکێ (Suspense)** | موزیک و هەناسە | ٪٣٥ | بەکارهێنانی مۆسیقای پاشبنەما و دەنگی هەناسەدانی کارەکتەرەکان بۆ ئەوەی بینەر هەمیشە لە چاوەڕوانی شتێکی خراپدا بێت. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | **شۆک و ترس (Jump Scare)** | ئیفێکتی لەناکاو | ٪٢٥ | بەکارهێنانی دەنگی بەرز و کتوپڕ لە کاتی دەرکەوتنی دیمەنە ترسناکەکان بۆ هەژاندنی دەروونی بینەر. |

ئەم خشتەیە ئەوە دەسەلمێنێت کە فیلمی (کفن) تەنها پشت بە ترساندن نابەستێت، بەڵکو ڕێژەی (٤٠٪)ی دەنگ تەرخانکراوە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکە لە ڕێگەی دیالۆگەوە، ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە دیالۆگ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هەمان کاتدا (٣٥٪)ی دەنگەکە بۆ دروستکردنی کەشی دڵەڕاوکێیە بەر لەوەی ترسەکە ڕووبدات

**خشتەی (٣): دابەشبوونی دەنگ بەپێی "تۆن و ڕیتم" لە فیلمی (کفن)**دا ئەم خشتەیە باس لە سیفەتە **فیزیاییەکانی دەنگ دەکات (بەرزە، نزمە، یان بێدەنگییە).**

| ژ | تایبەتمەندییەکان | شێوازی دەرکەوتن | ڕێژەی مەزندەکراو (%) | شیکاری (لێکدانەوە) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | **دەنگی بەرز و تیژ (High Pitch)** | هاوار و زیکە | ٪٢٠ | لە کاتە هەستیارەکانی فیلمەکەدا (کاتی مەترسی) بەکاردێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدرینالینی بینەر. |
| ٢ | **دەنگی نزم و چرپە (Low/Whisper)** | دیالۆگی نهێنی | ٪٤٥ | زۆربەی دیالۆگەکانی نێوان کارەکتەرەکان بە تۆنێکی نزم و ترسئامێز دەگوترێن بۆ ئەوەی نهێنییەکە نەدرکێنرێت. |
| ٣ | **بێدەنگی(Silence)** | ئامبیانسی چۆڵ | ٪٣٥ | بەکارهێنانی بێدەنگییەکی قوڵ پێش ڕووداوەکان، تا بچوکترین دەنگ (وەک کردنەوەی دەرگا) کاریگەری هەبێت. |

داتاکانی ئەم خشتەیە ئاماژە بەوە دەکەن کە فیلمی (کفن) زیاتر پشت بە تۆنی نزم و چرپە دەبەستێت (٤٥٪)، ئەمەش تەکنیکێکی زیرەکانەیە لە فیلمی ترسناکدا بۆ ئەوەی بینەر ناچار

بکات گوێیەکانی زیاتر شل بکات و سەرنج بدات، بەمەش کاریگەریی دەنگە بەرزەکان دواتر بەهێزتر دەردەکەون.

**خشتەی (٤): سەرچاوەی دەنگ (Source of Sound) لە فیلمی (کفن)دا: ئایا دەنگەکە لەناو دیمەنەکەیە یان لە دەرەوەی دیمەنەکە زیاد کراوە؟**

| ژ | سەرچاوە | ڕوونکردنەوە | ڕێژەی مەزندەکراو (%) | شیکاری (لێکدانەوە) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | **دەنگی ناوەکی (Diegetic)** | ئەوەی کارەکتەر دەبیستێت | ٪٦٠ | وەک دەنگی دیالۆگی کارەکتەرەکان، دەنگی پێ، دەنگی ژینگەی خانووەکە. ئەمە وا دەکات فیلمەکە واقیعی دەربکەوێت. |
| ٢ | **دەنگی دەرەکی (Non-Diegetic)** | تەنها بینەر دەبیستێت | ٪٤٠ | وەک مۆسیقای ترسناک و ئەو ئیفێکتە دەنگییانەی بۆ زیادکردنی ترس دانراون و کارەکتەرەکان نایبیستن. |

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

بەپێی ئەم خشتەیە، دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٦٠٪)ی دەنگەکان سروشتین و لەناو ژینگەی فیلمەکەدان (وەک دیالۆگ و دەنگی جوڵەکان)، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بینەر باوەڕ بە چیرۆکەکە بکات. لەبەرامبەردا (٤٠٪)ی دەنگەکان دەرەکین (موزیک و کارتێکەری دەنگی)ە بۆ ئەوەی لایەنی دەروونی و ترسەکە بەهێز بکەن.

## بەشی پێنجەم: ئەنجام و ڕاسپاردەکان

### تەوەری یەکەم: دەرەنجامە گشتییەکانی توێژینەوە

**١- (پەیوەندی تەکنیک و جوانیناسی):** تەکنیکە دەنگییەکان پەیوەندییەکی دیالێکتیکی یان تەواوکەریان بە جوانیناسیی فیلمەوە هەیە، دەرکەوت کە دەنگ تەنها بۆ پڕکردنەوەی بێدەنگی نییە، بەڵکو وەک ڕەگەزێکی هونەریی سەربەخۆ کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی بەهای ئیستاتیکی و قووڵکردنەوەی مانای وێنە سینەماییەکان.

**٢-** لە فیلمی (کفن)دا، تەکنیکە دەنگییەکان بە شێوەیەکی ستراتیژی بۆ بنیاتنانی کەشی درامی (Dramatic Atmosphere)بەکارهاتوون بەپێی داتاکان لە (٤٠٪)ی دیمەنەکان دەنگ وەک توخمێکی سەرەکی کاردەکات بۆ گەیاندنی ئەو کەشە نهێنی ئامێز و پڕ لە ترسەی کە ژانری فیلمەکە دەیخوازێت ئەمەش لە ڕێگەی تێکەڵکردنی موزیکی ئەلیکترۆنی و کارتێکەرە دەنگییەکان.

**٣- سێیەم (هاوسەنگی دەنگ و وێنە):** توێژینەوەکە دەریخست کە دەنگ لە سینەمای نوێی کوردیدا گەیشتووەتە ئاستێک کە هاوشانی وێنە مانا دروست دەکات. دەنگ چیتر پاشکۆ نییە بەڵکو یەکەیەکی ئیستاتیکی یەکگرتووە کە لەگەڵ وێنەدا جیهانی فیلمەکە بنیاد دەنێت.

٤- **(ئەرکی توخمە دەنگییەکان لە بیناى دراميدا):** هەر توخمێکی دەنگی ئەرکێکی دیاریکراوی پێ سپێردراوە دیالۆگ بە ڕێژەی (٣٥٪) بۆ گەیاندنی زانیاری و مێژووی ڕووداوەکان، کارتێکەری دەنگی بە ڕێژەی (٣٠٪) بۆ دروستکردنی واقیعییەت و شۆک، و موزیک و کەش یاخود ئەمبیانسیش بۆ دروستکردنی کەشی گشتی و گێڕانەوەی درامی بەکارهاتوون

**٥- (بەشداری تەکنیک لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئیستەتیکی):** بەکارهێنانی تەکنیکە دەنگییە پێشکەوتووەکان وەک دەنگی Diegetic بە ڕێژەی ٦٤,٣٪ بەشدارییەکی بەرچاوی کردووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئیستەتیکیی فیلمە کوردییەکان.

**٦- (ئاستی تەکنەلۆژیای بەکارهاتوو):** ئاستی تەکنەلۆژیای بەکارهاتوو لە تۆمارکردن و دیزاینی دەنگی فیلمە کوردییەکان لە ئاستێکی پێشکەوتووی دیجیتاڵی دایە. داتاکان دەریدەخەن کە (٥٣٪)ی دەنگەکانی فیلمی سامپڵ لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنییەوە دیزاین کراون، ئەمەش نیشانەی تێپەڕاندنی قۆناغی تەقلیدی و بەکارهێنانی سۆفتوێرە مۆدێرنەکانە لە سینەمای کوردیدا.

## تەوەری دووەم ڕاسپاردەکان:

١ .جیاکردنەوەی پسپۆڕیی تۆمارکەری دەنگ لە دیزاینەری دەنگ لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا.

٢ .تەرخانکردنی بودجەی تایبەت و کاتی پێویست بۆ قۆناغی پۆست-پرۆدەکشن (دیزاین و میکس و ماستەرینگ).

٣ .گرنگیدان بە دروستکردنی سایتێکی دەنگیی کوردی بۆ پاراستنی شوناسی دەنگی ژینگەی کوردی.

٤ .بەرهەمهێنانی فیلم بە سیستەمی دەنگیی سینەمایی (5.1 Surround) بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتیی نمایش.

٥- تێکەڵکردنی دیزاینی دەنگ لە قۆناغی پەرەپێدانی سیناریۆداو ڕاسپاردنی فیلمسازان بۆ ئەوەی دەنگ وەک توخمێکی بزوێنەری درامی لە ناو دەقی سیناریۆدا فەراهەم بکەن نەک تەنها وەک پاشکۆیەک بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لە قۆناغی پاش-بەرهەمهێناندا.

٦- نوێکردنەوەی مەنهەجی ئەکادیمی و پێشنیار بۆ دامەزراوە پەروەردەییەکان بۆ زیاکردنی بابەتی ئیستەتیکای دەنگ بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن، تا نەوەیەکی نوێ لە پسپۆڕانی دەنگ پەروەردە بین کە دەنگ وەک زمانێکی سیمیۆلۆژی ببینن.

## تەوەری سێیەم: پێشنیار بۆ توێژینەوەی داهاتوو

١ .ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ڕۆڵی بێدەنگی (Silence) وەک تەکنیکێکی گێڕانەوە لە سینەمای کوردیدا.

٢ .لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەریی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی لەسەر ناسنامەی فیلمی سینەمای.

٣ .ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان تەکنیکە دەنگییەکانی سینەمای کوردی و سینەمای وڵاتانی دراوسێ.

٤ .توێژینەوە لەسەر کاریگەریی هاتنەناوەوەی زیرەکیی دەستکرد (AI) لەسەر داهاتووی دیزاینی دەنگ لە کوردستان.

٥- خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژی (Semiological) بۆ بێدەنگی و لێکۆڵینەوە لە کۆد و نیشانە دەنگییەکان و گۆڕانی مانایان لە فیلمدا.

٦- پەیوەندیی نێوان ڕوانگەی دەنگی و قووڵایی مەیدانی وێنەو ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر هاوئاهەنگی نێوان چاو و گوێ لە دروستکردنی بۆشاییەکی ئیستەتیکی سێ ڕەهەندیدا.

٧ .کاریگەریی دەنگی هایپەر-ڕیال (Hyper-real Sound) لە ژانری ترس و ئەکشندا توێژینەوە لەسەر فیلمە نوێیەکان و چۆنیەتی تێپەڕاندنی واقیعی فیزیکی لە ڕێگەی دیزاینی دەنگە زیادەڕۆکانەوە.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

٨ .ديزاینی دەنگ و گێڕانەوەی میتافۆری لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی گۆڕینی دەنگی سروشتی بۆ میتافۆرێکی هونەری کە مانا فەلسەفییەکانی پشت وێنە بەرجەستە بکات.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**


١ .ئیبراهیم، ئاریانا. (٢٠١٨) .بنەماکانی دەرهێنان لە سینەمادا .هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
٢ .حەسەن، محەمەد. (٢٠١٣) .بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی .سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٣ .سەلیم، هونەر. (٢٠٢١) .تەکنیکەکانی دەنگ و مایکرۆفۆن .هەولێر: ئەکادیمیای سینەما.
٤ .عەبدوڵڵا، ئاراس. (٢٠٢٣) .مێژووی سینەمای کوردی .دهۆک: چاپخانەی خانی.
٥ .کاردۆزی، کارزان. (٢٠١٩) .هونەری دەنگ لە سینەمادا .سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس.
٦ .کەمال، ڕێبین. (٢٠١٩) .مۆنتاژ و هونەری بڕین .هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.


**دووەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**


١. Altman, R. (1992). *Sound Theory, Sound Practice*. New York: Routledge.

٢. Bordwell, D., & Thompson, K. (2010). *Film Art: An Introduction*. New York: McGraw-Hill.

٣. Chion, M. (1994). *Audio-Vision: Sound on Screen*. Columbia University Press.

٤. Holman, T. (2010). *Sound for Film and Television*. Focal Press.

٥. Murch, W. (2001). *In the Blink of an Eye*. Silman-James Press.

٦. Sonnenschein, D. (2001). *Sound Design: The Expressive Power of Music, Voice, and Sound Effects*. Michael Wiese Productions.

٧. Viers, R. (2012). *The Location Sound Bible*. Michael Wiese Productions.

**سێیەم: چاوپێکەوتنەکان (کەرەستەی مەیدانی)**

١- .عەزیز، دارۆ. (سیناریست). چاوپێکەوتن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٧/٧. هەولێر.

.عەبدی، ئیدریس (دەنگهەڵگر). چاوپێکەوتن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٧/١٠. سلێمانی.

.ناتق، ئەحمەد. (مۆنتێر). چاوپێکەوتن لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٣١. هەولێر.

.کیانی، کاوە. (دەرهێنەر). چاوپێکەوتن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٧/٥. هەولێر

**چوارەم: فیلمۆگرافی(Filmography)**

کفن (٢٠٢٤). دەرهێنەر: سروشت عەبەرەش.

List of sources

First: Kurdish sources

.١Abraham, Ariana. (2018). Principles of Direction in Cinema. Erbil: Salahaddin University Printing House.

.٢Hassan, Mohammed. (2013). Motion Picture Production. Sulaimani: Sardam Publishing House.

.٣Salim, Art. (2021). Voice and microphone techniques. Erbil: Academy of Cinema.

.٤Abdullah, Aras. (2023). History of Kurdish Cinema. Duhok: Khani Printing House.

.٥Kardozi, Karzan. (2019). The Art of Sound in Cinema. Sulaimani: Ghazalnoos Center.

.٦Kamal, Rebin. (2019). Editing and cutting art. Erbil: Rojhelat Printing House.

Second, the English sources

.١Altman, R. (1992). Sound Theory, Sound Practice. New York: Routledge.

.٢Bordwell , D. , & Thompson , K. (2010). Film Art: An Introduction. New York: McGraw-Hill.

.٣Chion, M. (1994). Audio-Vision: Sound on Screen. Columbia University Press.

.٤Holman, T. (2010). Sound for Film and Television. Focal Press.

.٥Murch, W. (2001). In the Blink of an Eye. Silman-James Press.

.٦Sonnenschein, D. (2001). Sound Design: The Expressive Power of Music, Voice, and Sound Effects. Michael Wiese Productions.

.٧Friday, R. (2012). The Location Sound Bible. Michael Wiese Productions.

Third: Interviews (field materials(

.-١Aziz, Daro. (Screenwriter). Interview on 7/7/2 Erbil.

. . . .Abdi, Idris (voice-over). Interview on 10/7/2 Sulaimani.

. . . .Natq, Ahmad. (Editor). Interview on 31/10/2 Erbil.

. . . .Kiani, Kawa. (Director). Interview on 5/7/2 Erbil

Fourth: Filmography

Shroud (2024). Director: Sarwsht Abarash.